**ڕێکلام و مۆراڵ**

لەم سەردەمەدا ڕێکلام بۆتە بابەتێکی گرنگ و ژیاری بۆ داهاتی کۆمپانیا و فرۆشی بەرهەم. بەڵام پرسیار لەوەدایە، کە لە بابەتی ڕێکلام و ڕێکلام کردندا، دەبێت تا چەند پرنسیپە مۆراڵییەکان و ڕاستگۆیی ڕەچاو بکرێت؟
سەرنج بدە ئەم بابەتە، کە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەکی نەرویجیدا بە نووسینی درشت، بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە نەخۆشی دیابێتس (شەکرە). ڕۆژنامەکە، نەخۆشی شەکرە، وەک پەتایەک ناودەبات (!)کە چۆن لەناو نەرویجدا بڵاوبۆتەوە، لە سوچی لای ڕاستیشیدا، بە بچوکی نوسراوە، کە چۆن خۆت لەم پەتایە (!) دەپارێزیت
.لەژێر ئەو سەردێرە ترسناکەدا، ڕێکلام بۆ نوقڵ، یان شوکولادە (کە پڕە لە شەکر) کراوە.

دەقی بابەتەکە :
" لێکۆڵینەوەی نوێ، پەتای شەکرە بەشێوەیەکی ترسناک لە نەرویجدا بڵاودەبێتەوە "
" بەم شێوەیە خۆت لەم پەتا نوێیە دەپارێزیت "

دەقی ڕێکلامی (نوقڵەکە) شیرینیەکە: " دەمەجوی دڵخوازی خۆت هەڵبژێرە ! "




Dagbladet ،23/2/2011 ڕۆژنامەی داگبلادە